# کێ‌ی تر مەوادی کیمیایی بە عێراق گەیاندووە ؟

نووسینی : ئارنۆڵد کارسکنس ،
وەرگێڕانی لە هۆڵەندی‌یەوە : کامەران ئەحمەد
kameran.sorany@gmail.com

**نهێنی‌یەکانی کارگا هۆڵەندی‌یەکان لە گەیاندنی مەوادی کیمایی بە ڕژێمی بەعسی ڕوخاو**



ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ( FFCD )* کە پرۆگرامی چەکی کیمایی عێراقی تیا شکێنرا، تەنها ناوی فرانس ڤان ئەنرات وەک یەکێک لە دەستەبەرکەری کەرەسە بنەڕەتی‌یەکانی گازی مۆستەرد و گازی ئەعصاب لە ساڵەکانی 80 دا ناهێنێت. ڕێژەی 60% ی هەموو کەرەسە بنەڕەتی‌یەکانی دروستکردنی گازی مۆستەرد و نزیک بە نیوەی کەرەسە بنەڕەتی‌یەکانی دروستکردنی گازی ئەعصاب کە لە گەورەترین جەنگی گازی ژەهراوی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم ( 1914–1918 ) واتە لە جەنگی عێراق – ئێران دا ( 1980–1988 ) بەکارهێنراون، لە لایەن کارگەکانی هۆڵەندی مێلخیمی ( Melchemie Holland bv ) و ( KBS ) و ئەو کارگانەی کە لەژێر سەرپەرشتی ئانرات دا بوون دەستەبەر کراون، کە هەمووشیان ئەم بازرگانیکردنەیان لەو ڕووەوە ڕەد ئەکەنەوە.

بۆ نموونە لێکۆڵینەوەکەی ( FFCD ) کەمپانیای ئارنهێمی مێلخیمی بەرپرس ئەکات لە دەستەبەرکردنی 100 تەن لە ماددەی SOCL2 . ئەم سیۆنکۆلاریدە ئەتوانرێت وەک ( Pecticide : گیراوەیەکە دژ بە نەخۆشی‌یەکانی ڕووەک ) بەکاربهێنرێت ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەک ماددەیەکی سەرەکی لە دروستکردنی گازی مۆستەرد. نامەیەک یان پسوڵەیەک بە ژمارەی 82/3/1015 ساڵی 1982 وەک گارانتی‌یەکی پارەدان لە لایەن ئەم کەمپانیایەوە کە سەرقاڵی بازرگانیکردنە بە پەینی کیمیایی ، ماددەکانی بواری کشتوکاڵی و بەرهەمە کیمیایی و عەتری‌یەکان بەکاردێت. دیارە مێلخیمی جۆری باش دەستەبەر ئەکات لەبەر ئەوەی عێراقی‌یەکان ساڵێک دواتر واتە ساڵی 1983 بڕی ( 750 ) تەنی تر لە ماددەی SOCL2 داوا دەکەنەوە.
هەروەها لە مارتی 1984 یشدا مێلخیمی داوایەکی گەورە لە لایەن دامەزراوی دەوڵەت بۆ بەرهەمی پێستیسید ( SEPP ) واژۆ ئەکات. پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ( SEPP ) و دامەزراوی دەوڵەت بۆ گازی ژەهراوی ( MSE ) لە موسەنا هەیە. د. ئەلعانی بەڕێوەبەری ( SEPP ) یە و بەڵام لە ساڵی 1981–1991 یشەوە بەڕیوەبەری پلان دانانە لە (MSE )، بەڕێوەبەری (MSE ) لە ساڵی 1981–1987 ( جەنەراڵ نزار عطار ) ە کە بەڕێوەبەری گشتی ( SEPP ) یشە لە هەمان کاتدا. مێلخیمی ئەڵێ کە ئاگاداری ئەم پەیوەندی‌یانە نەبووە.
دامەزراوی ( SEPP ) داوای هەشت کەرەسەی بنەڕەتی لە مێلخیمی ئەکات کە شەش کەرەسەیان سروشتێکی جووت بەکارهێنانیان هەیە. واتە هەم وەک کەرەسەیەک لە بواری سڤیل و هەم وەک کەرەسەیەکی بنەڕەتیش بۆ مەبەستی سەربازی ئەتوانرێت بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە لە بەرهەمهێنانی گازە ژەهراوی‌یەکانی گازی

مۆستەرد، تابوون و سارین. هەروەها لە لیستی داواکردنەکەشدا 1000 تەن لە ماددەی SOCL2، بیست تەن لە ماددەی فلۆرایدی هایدرۆجین پۆتاسیۆم KFHF , پێنج تەن لە ماددەی فلۆرایدی هایدرۆجین HF ، شەست تەن لە ماددەی کلۆرایدی فۆسفۆر POCL3 ، سەدوپەنجا تەن لە ماددەی CH3CHOHCH3 بەرچاو دەکەوێت.

کاتێک دامەزراوی ( SEPP ) لە 19-04-1984 داواکارییەکەیان پێشکەش ئەکەن وا دێتە بەرچاو کە لەو رۆژانەدا ماددەی POCL3 لە لیستی ئەو بەرهەمە یاساغکراوانەدایە کە نابێت بنێردرێنە دەرەوەی هۆڵەندا. بەڕێوەبەری ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکان لە کارگای مێڵخیمی لە تەلەکسێکدا وەڵامی ( SEPP ) ئەداتەوە: " بێشک ئەوە روونە کە بەرهەمە داواکراوەکان پەیوەستن بە ڕێگەپێدانەکانی ناردنە دەرەوە ، ئەمە هۆکاری دواکەوتنەکان لە وەلامی پرسیارەکەتاندا ڕوون ئەکاتەوە، هیوادارم کە لە وەزعەکە تێبگەن " . ( The deadly lobby پەڕگەکانی 148-149 ، و ئۆڕشەلیم پۆست لە 24 ی نۆڤەمبەری 1986 ).

بەڕێوەبەری ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکان لە 10 ی ئۆکتۆبەری 1984 دا لە میلان چاوی بە سەرپەرشتیاری کەمپانیایەکی کیمیایی ئیتالی ( Montedison ) ئەکەوێت. بە نادروستی وای بۆ ئەچێت کە یاساکانی هۆڵەندا لە بواری ناردنە دەرەوەی کاڵاکاندا نەگونجاون لە ئیتاڵیا. ئەم سەرپەرشتیارە ( Enrico Galiardi ) لە سەر خواستی مێڵخیمی 60 تەن لە ماددەی POCL3 لە کەمپانیای Ausidet Spa داوا دەکات.

پاش گەڕانەوەی بەڕێوەبەری ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکان بۆ شاری ئارنهێم ڕاستەوخۆ هەواڵەکە بە تەلەکسێکدا ڕەوانەی دامەزراوی ( SEPP ) ئەکات، لە هەمان کاتدا داوا لە عێراق ئەکات کە هیچ ئاشکراکردنێک لەو بارەیەوە نەخەنە ڕوو: " لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە لایەن حکومەتی خۆمانەوە هیچ ڕێگەپێدانێکی ناردنە دەرەوەمان نییە پێشنیاری ئەوە ئەکەین کە پارەدانی ئەم بەرهەمەش بە هەمان ئەو شێوەیە بەڕێوە بچێت کە لە کاتی پارەدانی فلۆرایدی پۆتاسیۆم هایدرۆجین و فلۆرایدی پۆتاسیۆم [ هەردوو ماددەکە بۆ بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی ئەعصابە ] بەڕێوە چووە. ئەمە تەنها ڕێگەیەکە کە ماددەی POCL3 پێ بگوازرێتەوە. ( The deadly lobby پەڕگەی 190 ).

یەکەمین دووبار لە سەرجەم 20 تەن لە ماددەی POCL3 بە کەشتی ss Aetos لە ڤینیسیاوە لە ڕێکەوتەکانی 20 و 27 ی دیسەمبەری 1984 بەرەو بەندەرەکانی مارسینیای تورکیا و لەوێشەوە بە بارهەڵگر ( شاحنە ) بەرەو عێراق بەڕێ ئەکەون.

لە 26 ی فێبریوەری 1985 دا کاتێک کە فەرمانبەرەکانی دەزگای پشکنینی هۆڵەندی نوسینگەی مێڵخیمی و ماڵی سێ کەس لە سەرپەرشتیارانی مێڵخیمی ئەپشکنن تەلەکسەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوە بەهادارەکان ئەدۆزنەوە. دەزگای هەواڵگیری ئەمریکی ( CIA ) دەسەڵاتدارانی هۆلەندی لەمبارەیەوە ئاگادار کردۆتەوە. تەسلیم کردنی 40 تەنی ماوە لە ماددەی POCL3 ڕاستەوخۆ بە هەوادا ئەچێت! دەسەلاتدارانی عێراق لەمبارەیەوە تورەن. وەزیری دەرەوەی عێراق نامەیەک بۆ باڵوێزخانەی هۆڵەندا ئەنێرێت " ئەگەر حکومەتی ئێوە کۆتایی بە چالاکییەکانی دژ بە وڵاتی ئێمە نەهێنێت واتە بلکۆککردنی ئابوری و زڕاندنی ناومان ئەوا

پێشبینی کاریگەری خراپ لەسەر پەیوەندی هەردوو وولات ئەکەین ". ( The deadly lobby پەڕگەی 191 ).

لە پرۆسەی بەڕێوەچوودا ڕوون ئەبێتەوە کە مێڵخیمیش بە هەمان شێوەی فرانس لە کاتی دەستەبەرکرنی ماددەکان بەعێراق هەمان پەردەی دووکەڵاوی کێشاوە. لە پسوڵەکاندا ماددەی POCL3 بە ناوە ڕاستەقینە کیمیاییەکەی ناناسرێت ( فۆسفۆرۆکسی کلۆراید – fosforoxychloride ) بەڵکو مێڵخیمی ناوێکی تر ( پیرادین – Pyridine : بەستنەوەیەکی خودکایی بازنەییە بە هاوکێشەی C5H5N ) بەکار ئەبات ( سیاسەتی ناردنە دەرەوەی چەکیی هۆلەندا پەرگەی 446 )، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی کارگاکە بێ ئاگایی خۆی لەمبارەیەوە پیشان ئەدات : ‘داواکە لە لایەن بەڕێوەبەری ناردنە دەرەوەوە ڕێکخراوە’.

بە بۆچوونی مێڵخیمی ئەو 20 تەنە لە POCL3 گەڕێنراوەتەوە و هەرگیز نەگەیشتۆتە دامەزراوی MSE ی عێراقی، هەرچەندە کە ڕێڕەوی ناردنی بارەکان لە ئیتالیا و تەلەکسە نێردراوەکان پێچەوانەی ئەمە ئەسەلمێنن. بەڵام ئایا مێڵخیمی بەوەی نەزانیوە کە ماددەی POCL3 لە لیستی ماددە یاساغکراوەکاندایە ؟

بێشک ئەم ئینکاری کردنە بێ بناغەیە. دادوەری پۆلیس لە ئاڕنهێم مێڵخیمی هەروەها بە تاوانی دەستەبەرکردنی فۆسفۆڕی کلۆراید (Fosforoxychloride ) بە عێراق، پێشێلکردنی بڕیاری گواستنەوەی کەرەسە ستراتیژی‌یەکان بە بڕی 100 هەزار خلدن و مەرجداری داخستن بۆ ماوەی یەک ساڵ سزا ئەدات.

مێڵخیمی خۆی بە بێتاوان ئەزانێت ( مێڵخیمی هەرگیز کەرەسە بنەڕەتی‌یەکانی گازی ژەهراوی نەگەیاندووە ) ئەم ئاگاداری‌یە لە ڕۆژنامەی تراو ( Trouw ) ی 29–07–2004 دا بڵاو ئەکاتەوە. پاش ناردنی POCL3 مێڵخیمی تەواوی گەیەندراوەکانی بە عێراق لای وەزارەتی دەرەوە ئەخاتە ڕوو.

لە ڕاپۆرتی ( FFCD) دا لەوەش زیاتر دەرئەکەوێ کە مێڵخیمی لە ساڵی 1984 یشدا بە پێی پسوڵەکانی پارەدان پێنج تەن لە ماددەی HF، سەدوپەنجا تەن لە ماددەی IP ، سەدوپیست تەن لە ماددەی KHF2 ، بە عێراق گەیاندووە. ئەم گەیەندراوانە لە لایەن مێڵخیمی‌یەوە پشت ڕاست کراونەتەوە. کەرەسەکان ڕاستەوخۆ بەرەو دامەزراوی گازی ژەهراوی لە موسەنا MSE بەڕێ ئەکەون. هەروەها دەرئەکەوێت کە نەک تەنها ئەمانە بەڵکو چەند کەرەسەیەکی تری گرنگیش ڕەوانە ئەکات، بەم شیوەیە لە پەرگەی 23 ی ڕاپۆرتی ناوبراودا هاتووە کە مێڵخیمی لە ساڵی 1986 دا ماددەی ( Chloramin T ) بە عێراق ئەگەیەنێت. بەشێوەیەکی بڕاوانە بێتاوان نی‌یە، بەمجۆرە فەرمانبەرێکی TNO لێدوان ئەدات : " کەرەسەکان کەرەسەن ، دوای ئەوە ئەتوانیت هەموو شتێکی لێ دروست بکەیت ئەگەر باش هەوڵ بدەیت".

لە کۆی سەرجەم 600 تەن باری ناوبراودا چاومان بە ماددەی ( CH2CL2 ) یش ئەکەوێ کە بە پەڵەلابەر ( Vlekkenwater : ماددەیەکی کیمیایی‌یە بۆ لابردنی پەڵە ) ئەناسرێت و وەک پێکهاتەیەکیش لە بەرهەمهێنانی گازی ئەعصابی سارین. یان کاتێک بیر لە دوو هەزار تەن لە ماددەی ( Caustic Soda) بکەینەوە کە ئەتوانرێت لە پاڵاوتنی ڕۆنی ڕووەک و هەروەها لە فلتەرەکانی ڕووپۆشی کیمیایی‌دا بەکاربهێنرێت، هەروەها ئەکرێت ماددەی بۆ بەتاڵکردنەوەی کاریگەری‌یەکانی گازی ژەهراوی لێ دروست بکرێت.

سەدام لە هیچ کات و چێگەیەک پارەکانی سۆدای ( Caustic Soda ) ( لەگەڵ ئۆکسیدی زینک ) نەداوە. مێڵخیمی گەیەندراوەکانی خۆی لە لای ( NCM : دامەزراوێکی گەورەی تەئمینە ) تەئمین کردووە، کە بە هاوکاری وەزارەتی مالی گەیەندراوە پڕ لە مەترسیدارەکان گەرانتی ئەکات. بەم شێوەیە چاومان بە بڕی دوو ملیۆن دۆلار ئەکەوێ لە سەر هەژماری مێڵخیمی واتە لەو کاتانەدا کە عێراق نەیتوانیوە بیدات.

لانی کەم ئەوە ڕوونە کە 400 تەن لە سیانیدی سۆدیۆم ( NaCN) بەپێی ڕاپۆرتی( FFCD ، لاپەڕە 275 ) گەڕێنراونەتەوە. " لە ساڵی 1989 دا 400 تەن لە ماددەی ( NaCN) لە عێراقەوە گەڕێنراوەتەوە بۆ کارگەی مێڵخیمی هۆلەند." بە بۆچوونی مێڵخیمی مەسەلەکە بە شیوەیەکی ترە ؛ " مێڵخیمی ئەو ماددەیەی بۆ نەگەڕێنراوەتەوە بەڵکو لە عێراقی کریوە " . سیانیدی سۆدیۆم ئەتوانرێت لە کانەکانی ئاڵتون یان لە بەرهەمهێنانی ژەهری جرچ دا بەکاربهێنرێت . عێراق کانەکانی ئاڵتونی نییە و 400 سەد تەنیش لەو ماددەیە بەسە بۆ ئەوەی هەموو جرجەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی پێ لەناو ببەیت. بەڵام سیانیدی سۆدیۆم بەکارهێنانێکی تریشی هەیە ! ئەویش بەکارهێنانیەتی لە بەرهەمهێنانی گازی ئەعصابی تابوون دا . بە ئاسانی ئەتوانرێت کە گازێکی ژەهراوی بێڕەنگ و کێش سووکی لێ بەرهەم بێت کە بۆنی بادامی لێ دێت. هێزە گەورەکانی جیهان هەم ئەمریکا و هەم یەکێتی سۆڤیەت لە کاتی جەنگی ساردا بە هەزاران تەن لەم ماددەیەیان لە عەمبارەکانیاندا هەبوو تاوەکو لەگەڵ یەکەمین لێدان لە بەرەکانی جەنگدا بەکاری بهێنن. خاڵێکی لاوازی ئەم ماددەیە ئەوەیە کە کێشی لە کێشی هەوا سوکترە و هەربۆیە پێویستت بە بڕێکی یەکجار زۆر هەیە. تا ئەو جێیەی زانراوە عێراق ئەم ماددەیەی بەکارنەهێناوە.

بەهەرحاڵ جەنگی عێراق و ئێران کۆتایی دێت و بەوپێیەش دامەزراوی MSE لە موسەنا چیتر پێویستی بە گازە ژەهراوییەکان نییە.

مێڵخیمی تاوەکو ئێستاش لە هۆڵەندا بوونی هەیە. پارێزەرەکەی هێرمان دووڵەمان ( Herman Doeleman) وەک قسەکەرێک سەبارەت بە گەیەنراوەکانی کەمپانیاکە بە عێراق دێتە قسە و سەرجەم گەیەنراوەکان ڕەد ئەکاتەوە. " هەڵگرەکانی ماددەی ( NaCN) فرۆشران و گەیەنران بە بە کەمپانیای ( MSI Mining Servive international) لە ئۆکلاندی ئەمریکا. دووڵەمان ئەڵێت کە مێڵخیمی دەستێکی پاکی هەیە. مێڵخیمی هەرگیر ئەو کەرەسانەی بە عێراق نەگەیاندووە کە لە لیستی کەرەسە ستراتیژییەکاندایە، ئەو پێی وایە کە مێڵخیمی هەمیشە ئەو بەرهەمانەی خۆی بە عێراق گەیاندووە کە پێداویستییەکانی پیشەسازی کشتوکاڵی بوون.( ئیمەیلی ڕێکەوتی 29 ی جوونی 2006 ) .

لە کاتی دادگاییکردنەکەی فرانس ڤان ئەنرات پرسیارێک لە لایەن دەستەی پارێزەرەکانییەوە هاتە پێشەوە کە ئایا بۆچی لێکۆڵینەوە لەگەڵ مێڵخیمی و کارگەی ( KBS) ناکرێت. لەسەر داخوازی پارێزەری مێڵخیمی وەزارەتی داد لە سێپتەمبەری 2005 دا ڕایگەیاند کە : ' لەسەر بنەمای دۆسیەی سزاکان هەم ئێمە و هەم دادگای دەنهاخیش ئەنجامگیری ئەوەمان کردووە کە گەیەندراوەکانی فرانس هاوتا نین لەگەڵ گەیەنراوەکانی ئەو دوو کارگایە بە شیوەیەک کە قسە لەسەر پێشێلکردنێکی هاوتایی نییە هەربۆیە فرانس لێکۆڵینەوە و پشکنینی

لەگەڵ ئەکرێت و ئەوانی تر نا '

لە نامەیەکی 4 ی سێپتەمبەری 2006 دا پارێزەر دووڵەمان ئەمەش زیاد ئەکات : ' ئەبێت لەوە دڵنیابیت کە کارگەی مێڵخیمی هۆڵەند و هەروەها خاوەنەکانی ( Melchers) بێ ئەندازە بەداخن کە ئەو بەرهەمانە نادروست بەکارهێنراون بۆ مەبەستی جەنگی کیمیایی. ئەم شتانە بە شێوەیەکی ڕووکەشیی جێی قبوڵکردنە ئەگەرچی نازانرێت بە چ ئەندازەیەک ڕوویان داوە. '

هەروەها کارگەی بەرهەمهێنەرو بازرگانی بەرهەمە کیمیاییەکان کارگەی ( KBS ) یش لە ڕاپۆرتەکەی ( ) دا ناوی ئەهێنرێت . د. ئەلعانی بەڕیوەبەری ( SEPP) یەو سەرۆکی پلاندانانی دامەزراوی گازی ژەهراوی موسەنا ( MSE ) شە. لە ساڵی 1983 دا سەردانی زەیلاند ( Zeeland) ئەکات. د. ئەلعانی داوا لە بەڕێوەبەری ئەوکاتی ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکان ( M.L.Sakel ) ئەکات کە پێنج سەد تەن لە ماددەی ( TDG) بۆ عێراق دەستەبەر بکات بە بڕی شتێک زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار. کارگەی ( KBS) داواکە لە لای لقی بەلجیکای کارگەی ( Phillips Petroleum) ی ئەمریکی دائەنێت ( The Deadly lobby پەڕگەی 134) . لە جووڵای 1983 دا یەکەمین بارهەڵگر بەرەو عێراق بەڕێ ئەکەوێت و ڕاستەوخۆ لە لایەن عێراقەوە بەکار ئەهێنرێت . ' پاش گەیشتی ماددەی ( TDG) بە چەند هەفتەیەکی کەم عێراق دەستی کرد بە بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە گازی مۆستەرد ( بەرنامەیەکی بی بی سی لە 27 ی ئۆکتۆبەری 1986 بە ناوی نهێنییەکانی سامەڕا ) '.

بەپێی بەڕێوەبەری پێشوو یان ئاری براڤنبور ( Jan Arie Bravenboer) ئەمە یەکەمین و لە هەمان کاتدا دواهەمین جارە کە کارگەی ( KBS ) کەوتۆتە هەڵەوە. " ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە بەرهەمەکان ئەتوانرێت لە ئامانجی جودا بەکاربهێنرێت ، ئیتر دەستمان لێ هەڵگرت".

عێراقییەکان بە شێوەیەکی تر بیر لە هاوکاریکردن ئەکەنەوە. شادمانن بە شیوە کارکردنیان لەگەڵ هۆڵەندییەکان، لەبەر ئەوەی لە مارسی 1984 دا کارگەی ( KBS) داوایەکی لەو کەرەسانە بەدەست ئەگات کە سروشتێکی جووت بەکارهێنانیان هەیە. . براڤنبور بەڕێوەبەری پێشوو راوێژ بە هاوڕێیەکی لە تاقیگەی ( TNO) ئەکات. پاش لێکۆڵینەوە لێ بۆی دەرئەکەوێت کە ژمارەیەکی زۆر کەرەسەی ترسناکی تێدایە کە هەر بۆمبێکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بۆ درێژایی پێنج ساڵ پێ باربکەیت بە پێستیسید. ( The Deadly Lobby پەڕگەی 147 ).

براڤنبور داواکە ڕەد ئەکاتەوە بەلام عێراقییەکان لە داواکەیان پاشگەز نابنەوە. لە 20 ی مارتی 1984 دا ( SEPP) تەلەکسێک ئەکات کە گوایە کەرەسە داواکراوەکان مەبەستێکی سڤیلیان هەیە بۆ نموونە بۆ بەرهەم هێنانی لاستیک، داودەرمان، دەرمانی دژ بە نەخۆشی ڕووەک...

بەڕیوەبەری ناردنە دەرەوە ( M.L.Sakhel) دوای سەدانێک بۆ عێراق بڕیار ئەدات کە لە ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکان بەرپرسیارە و بەوهۆیەوە ( KBS) یش بەرهەمەکان بە بڕێکی کەم ڕەوانە ئەکات و لە ناویشیاندا ماددەی ( dimethylamine : بۆ گازی ژەهراوی تابون) و ( isopropanol : بۆ گازی ژەهراوی سارین) یش

زیاد ئەکات. ( The Deadly Lobby پەڕگەی 148) .

داوای 6.5 تەن لە ماددەی فلۆرایدی پۆتاسیۆم ( Potassium fluoride : بۆ گازی ژەهراوی سارین ) لە کەمپانیای ( Al Haddad Brothers Trading Company) لە نەشڤیلّ – ئەمریکا داوا ئەکات. خاوەنەکانی کەمپانیای ناوبراو لە بنەڕەتدا عێراقین و پەرچەمی ( بەستەرگەی پێداویستی‌یە تایبەتی‌یەکانی ڕۆژهەلآت لە باشترین بەهرەمەندەکانی ڕۆژئاواوە ) بەرز کردۆتەوە. کاتێک کە بارەکان لە 74 بەرمیل دا لە چاوەڕوانیدا ئەبن کە بە فڕۆکەکانی ( KLM) لە نیویۆرکەوە ڕەوانە بکرێن ، دەزگای گومرکی ئەمریکا ڕێی پێ ئەگرێت.

..............................................................................

Full Final and Complete Disclosure for the Iraqi past chemical program : *( FFCD )

VX: جۆرە گازێکی بێڕەنگی ژەهراوی زۆر بەهێزە و عێراق پێشتر ئینکاری کردووە کە ئەم ماددەیەی بەرهەم هێناوە تا سالّی 1995 کە ڕایگەیاند تەنها 260 لیتری بەرهەم هێناوە . بەلآم پشکنینەکانی یونسکۆم پێچەوانەی ئەمەیان سەلماند کە عێراق بە سەدەها تەنی بەرهەم هێناوە.

مۆستەرد گاز : گازێکی ژەهراوی سوتێنەرە ، بۆنی سیر و پیازی لێ دێت.

سارین : گازێکی ژەهراوی ئەعصابە بێڕەنگ و بێ بۆنە.

تابوون : گازێکی ژەهراوی ئەعصابە، بێرەنگە و بۆنی بادامی لێ دێت.

ئەم بابەتە درێژەی هەیە . مافی بلآوکردنەوەی تەنها لای وەرگێڕ و مالّپەڕی ناوەندی هەلّەبجەیە .